سودانی ستراتیژی ئاسایشی نیشتمانی گۆڕانکارییە خێراکانی ناوچەکە و ئاستەنگە ئەمنییە جیاوازەکان لەبەرچاو دەگرێت

محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان ، ئەمڕۆ دووشەممە،دووپاتیکردەوە کە ستراتیژی ئاسایشی نیشتمانی گۆڕانکارییە خێراکانی ناوچەکە و ئاستەنگە ئەمنییە جیاوازەکان لەبەرچاو دەگرێت
نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوێکدا کەئاژانسی موتەڵع بەدواداچوونی بۆ کردووە بڵاویکردەوە ،سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ، فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ دووشەممە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی کرد کە ئەندامانی تیمی پەرلەمانی ڕاسپێردراو بە پێداچوونەوە بە ستراتیژی ئاسایشی نیشتمانی، کە ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران لەخۆدەگرێت، و بە ئامادەبوونی ژمارەیەک ڕاوێژکار و پسپۆڕی ئەو بوارە بەڕێوەچوو.

لە کۆبوونەوەکەدا تاوتوێی دیارترین چوارچێوە و وردەکارییەکانی ناو ستراتیژەکە کرا، لەوانە پێداویستییە ئەمنییەکان لە هەموو بوار ئاستە جیاجیاکان.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ستایشی بەشداری کردنئ ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کرد لەم دەسیە

گرنگەدا، کە ڕەنگدانەوەی هاوکاری نێوان دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردنە، و ئاماژەی بەوەدا کە ستراتیژییەکە گۆڕانکارییە خێراکانی ناوچەکە و ئاستەنگە ئەمنییە جیاوازە بەردەوامەکانی لەبەرچاو دەگرێت، چ ناوخۆیی بێت یا دەرەکی.

سودانی ئاماژەی بەوەدا کە ستراتیژەکە بنەما بنەڕەتی و دەستوورییەکان و یاساکانی ڕێکخستنی مافەکانی مرۆڤ و شکۆی هاووڵاتیان لەبەرچاو دەگرێت، و ئەوەشی ڕوونکردەوە کە پێوەر و داتاکان بەڕوونی ئاماژە بەدا بەزینی ئاستی تاوان بەهەموو جۆرەکانییەوە دەکەن لەگەڵ پەرەسەندنی توانای هێزە چەکدارەکانمان و هێزە ئەمنییەکان بەهەموو پێکهاتەکانییەوە لەئاستی ڕاپەراندبی ئەرک و لەبواری پشتیوانیکردن لەسەقامگیری و ئاسایش و ئاشتی مەدەنی لەسەرتاسەری عێراقدا.